عەزیزنەسین



# ئێمە نابین بە مرۆڤ!

لە تورکییەوە: بەکر شوانی

هەر هێندەی یەکێک لە ناو ئاپۆڕەیەکدا دەنگ هەڵدەبڕێت و دەڵێت: "برادەرینە، ئێمە نابین بە مرۆڤ!"، هەموو ئەوانی تر سەری بۆ دەلەقێنن و دەڵێن: "بەڵێ، زۆر راستە، نابین." کەسیش راست نابێتەوە بڵێت: "ئەوە کەی قسەیە ئەفەندی! هۆشت بێنەوە بەر خۆت!"

خۆم کاتێک بیست و پێنج ساڵان بووم و خوێنم قوڵپی دەدا، ئەوەم تاقی کردەوە. رۆژێک بە سواری پاپۆڕ بەرەو دوورگە دەڕۆیشتین. پیرەمێردێک کە نازانم بە چی هەڵچووبوو، هاواری دەکرد و لەسەریەک دەیگوت: "ئێمە نابین بە مرۆڤ." دانیشتووانی ناو هۆڵی سەر پشتی پاپۆڕیش بە لەقاندنی سەر قسەیان بۆ کابرای پیرەمێرد دەسەندەوە.

منی گەنج و خوێنگەرمیش هاوارم کرد: "بۆچی نابین بە مرۆڤ؟ بڕواتان هەبێت وەک گەڵ دەبین. بەجۆرێک دەبین بە مرۆڤ، هەموو کەسێک سەری سوڕ بمێنێت."

دانیشتووانی ناو هۆڵی سەر پشتی پاپۆڕ وەک ئەوەی لە نێوان خۆیاندا قسەیان کردبێت بەیەک، دەنگیان لێ هەڵبڕی:

– نابین بە مرۆڤ...

– بە مرۆڤبوون زۆر دوورە لێمان...

– ئێمە نابین بە مرۆڤ...

بەو دەنگ هەڵبڕینە ماسوولکەکانی رووی یارۆی بەسالاچوو کەمێک خاو بوونەوە. رووی لە من کرد و گوتی: "بڕوانە کوڕم، خۆ گوێت لێیە هەمووومان پێکەوە هاوار دەکەین و دەڵێین _نابین بە مرۆڤ._ کەواتە نابین بە مرۆڤ. خۆ بە زۆر نییە!

من گوتم: "دەبین. دەبین بە مرۆڤ..."

ئەو گوتی: "کاتێک دەڵێین –ئێمە دەبین بە مرۆڤ–، واتای ئەوەیە ئێستا ئێمە مرۆڤ نین. ئەی مەگەر وا نییە؟"

نقەم لە خۆم بڕی. بەڵام لەو رۆژەوە بەردەوام بیرم لەو دۆخە دەکردەوە: ئێمە بۆچی نابین بە مرۆڤ؟

دوایین گرتنم و قایمکردنم لە گرتووخانە هەلێکی زۆر باش بوو بۆم، چونکە ئەو هۆکارەی چەندین ساڵ بوو هەڵوەدای بووم، لە گرتووخانە بۆم روون بووەوە. لە قاوشی پەنجا کەسیی گیراوانی سیاسی، لەگەڵ رۆشنبیرانیی بژاردە، پیاوانی ناسراوی خاوەن کار، کەسانی بەناوبانگ، پارێزگاران، بەرێوەبەرانی گشتی، پەرلەمانتارانی لێخراو، سیاسەتمەدارانی ریزی یەکەمی سیاسەت، فەرمانبەرانی پایەبەرز، ئەندازیاران و پزیشکانی ولاتماندا ژیام. زۆرینەی برادەرانی قاوش لە ئەورووپا و ئەمەریکا خوێندبوویان، لە ولاتانی بیانی گەڕابوون و سووڕابوونەوە و هەریەکەیان چەند زمانێکی دەزانی. بیروبۆچوونەکانمان پێچەوانە بوون، بەڵام سەربارى ئەوەش، زۆر شتیان لێوە فێر بووم. سەرتۆپی ئەو شتانەی فێریان بووم، هۆی بە مرۆڤ نەبوونمانە.

رۆژانی سەردان هیچ هەواڵی باشم پێ نەدەگەیشت؛ نەمانتوانی کرێی خانوو بدەین، قەرداری بەقاڵی خۆمانین و چەندان هەواڵی تری بێ تامی لەو بابەتە... دنیام لێ هاتبووەوە یەک، نەمدەزانی چی بکەم و دەروازەی ئومێد بە روومدا داخرابوو. یەکسەر بیرم چوو بۆ ئەوەی رۆمانێک بنووسم و بە خۆمم گوت لەوانەیە بیفرۆشم بە یەکێک لە رۆژنامەکان و

کەمێک پارەم دەست بکەوێت. بابەتی رۆمانێک لە سەرمدا بوو ماوەیەکی زۆر درێژ بوو بیرم لە نووسینی کردبووەوە. ئا بەو بڕیارەوە قەڵەم و کاغەزم بە دەستەوە گرت و لەسەر پێخەوی سەر چرپایە دانیشتم. نەمدەویست بە قسە و شتی تووڕەهات و پڕوپووچ کات بفەوتێنم. هێشتا تەنیا چەند دێڕێکم نووسیبوو، ئەوەندەم زانی برادەرێکی قاوش و رۆشنبیرێکی بژاردە هات و لە کەناری پێخەوەکەم دانیشت. یەکەم قسەی:

"ئێمە نابین بە مرۆڤ... نابین بە مرۆڤ..."

من هیچم لێی نەپرسی. خۆبەخۆ دەستی کرد بە روونکردنەوە و گوتی:

"بڕوانن، بۆچی ئێمە نابین بە مرۆڤ؟ من لە سویسرا خوێندوومە. شەش ساڵ لە بەلجیکا کارم کردووە."

بە دوور و درێژی باسی ژیانی خۆی لە سویسرا و بەلجیکا کرد. زۆر بێزار بووم لەوەی کارەکەم پێ راگیرابوو، بەڵام دەمتوانی بڵێم چی! جاروبار سەیری کاغەزەکانی بەردەستم دەکرد، پێنووسم بەسەر پەڕەکاندا دەگێڕا و هەوڵم دەدا تێی بگەیەنم کارم هەیە و دەمەوێت قسەکانی لە کورتی ببڕێتەوە، بەڵام خۆی لێ نەبان کرد و درێژەی دایێ:

"لەوێ هیچ کەسێک نابینن کتێبی بە دەستەوە نەبێت. هەر ئەوەندەی دوو خوولەک بێ کار بن، دەمودەست کتێب دەکەنەوە و دەست دەکەن بە خوێندنەوە. لە ئۆتۆبووس و شەمەندەفەر و هەموو شوێنێکی تردا بێوچان دەخوێننەوە. خۆ ئەگەر لە ماڵەوە بیانبینن، سەرتان سوڕ دەمێنێت. هەرکەسێک بە گوێرەی خۆی کتێبێک بە دەستەوە دەگرێت و ماوەیەکی درێژ دەیخوێنێتەوە."

بە ئومێدی ئەوەی حاڵی بێت و چەنەبازی لە کورتی ببڕێتەوە، گوتم:

"وەی خوا! چەند باشە... چەند باشە!"

ئەو گوتی: "بێگومان، بەڵام ئەگەر بۆ ئێمە بڕوانن؛ لێرە ئەم هەموو بە ناو روناکبیرە کۆ بوونەتەوە، ئایا یەک کەس هەیە کتێب بخوێنێتەوە؟ ئێمە نابین بە مرۆڤ... نابین!"

من گوتم: "راستە..."

هەر ئەوەندەی "راستە..."م لە دەم دەرچوو، ئەو سەرلەنوێ تاوی سەند، بێ ناوبەڕ باسی کتێب خوێندنەوەی بەلجیکایی و سویسراییگەلی گێڕایەوە و گێڕایەوە. لەبەرئەوەی ساتی نانخواردن هاتبوو، هەردووکمان هەڵساین. گوتی:

"ئێستا تێ گەیشتن بۆچی ئێمە نابین بە مرۆڤ؟"

گوتم: "بەڵێ..."

نیوەی ڕۆژم بە گوێگرتنەوە لە گێڕانەوەی چۆنیەتی کتێب خوێندنەوەی بەردەوامی بەلجیکایی و سویسراییەکان بەسەر برد.

بە دەستوبرد نانی نیوەڕۆم خوارد و هاتمەوە بۆ سەر جێگەکەم و یەکسەر دەستم کرد بە نووسینی ڕۆمانەکەم. کاغەزم نابووە سەر ئەژنۆم و قەڵەمم گرتبوو بە دەستمەوە و بیرم دەکردەوە. پێش ئەوەی هیچ شتێک بنووسم، یەکێک لە برادەرانی قاوش هات و لەسەر پێخەوەکەم دانیشت.

"چی دەکەن؟"

"هەوڵ دەدەم ڕۆمانێک بنووسم..."

"جا خۆ ناتوانن لێرە لەم ژاوەژاوەدا بنووسن! ئێوە هیچ چوون بۆ ئەوروپا؟"

"نەخێر، نەچوومەتە دەرەوەی تورکیا."

"ئاااااا بەداخەوە! زۆر حەزم دەکرد بچووبانایە ئەوروپا؛ بینین و تاقیکردنەوە شتێکی ترە، ئاسۆی بیرکردنەوەتان فراوانتر دەبوو. نێزیکەی هەموو ئەوروپا گەڕاوم، شوێنێ نەماوە بۆی نەچووبم. هەرە زیاد لە دانیمارک و هۆڵەندا و سوێد ژیاوم. بڕوانن ئەو وڵاتانە چۆنن! جارێ بەر لە هەموو شتێک مرۆگەل ڕێزیان بۆ یەکتر هەیە و بە دەنگی بەرز قسە ناکەن تا هەڤدوو بێزار نەکەن. بەڵام کاتێک لێرە سەیری حاڵی ئێمە دەکەن، لە هەموو لاوە ژاوەژاو و گــــەڕەلاوژێیــــە... ئاوەهایە بەڕێزم، من لەوانەیە بمەوێت بنووم، بنووسم و بخوێنمەوە... لەوانەیە کارێکم هەبێت... بەڵام بێهوودەیە. ئێوە لەم غەڵبەغەڵب و چەلەحانێیەدا هەرگیز ڕۆمانتان پێ نانووسرێت. بوارتان نادەن."

"لە ژاوەژاودا دەتوانم بنووسم، بەڵام ئەگەر کەسێک بەبان سەرمەوە بدوێت، ناتوانم بنووسم."

"بەڕێزم، گیانەکەم، ئەگەر ژاوەژاو نەبێت، باشتر نییە؟ ئەوان بە چ مافێک ئێوە نائاسوودە دەکەن؟ خۆ دەتوانن لەسەرخۆ بدوێن! باوەڕ هەبێت، لە دانیمارک و هۆڵەندا و سوێد هەرگیز شتی وا ڕوو نادات. بۆیە خەڵکی ئەو وڵاتانە پێش دەکەون، چونکە لەکن ئەوان مرۆڤ ڕێز لە مرۆڤ دەگرێت."

قسەی درێژ کردەوە و چەندان نموونەی سەبارەت بەو ڕێزگرتنە هێنایەوە. بێ ڕێزیش بوو، بەڵام چی بکەم، ئەگەر ئەو قسەی دەکرد، من سەرم بەسەر کاغەزەکاندا لار کردەوە و دەستم کرد بە نووسین؛ نەمدەنووسی، وا خۆم پێشان دەدا وەک ئەوەی بنووسم.

گوتی: "بەخۆڕایی خۆتان ماندوو مەکەن، ناتوانن بنووسن، دەماری مێشکتان گرژ

دەبێت. لە ئەورووپا شــتــێکی ترە... لەوێ مــرۆڤ، واتای رێزگــرتنی مــرۆڤ لە مــرۆڤ دەگەیەنێت. بەڵام لای ئێمە: هەیهووووو... هەر لەبەر ئەوەیشە نابین بە مرۆڤ بەڕێزم. ئێمە نابین بە مرۆڤ!"

بەنیــاز بوو زیاتر درێژدادڕی بکات، بەڵام خــوای من و تۆ کــردی پارێزەرەکــەی هات، بانگیـان کرد و منیش رزگارم بوو. یەکسـەر دوای رۆیشـتنی ئەو، بەتەواوی سـەرم بەسـەر کاغەزەکاندا شۆڕ کردەوە تا ببیـن کار دەکەم و کەس نەیات بەلامـەوە. هێشـتا دوو دێرم نووسیبوو و نەنووسیبوو، برادەرێکی تری قاوش هاتە لام و گوتی:

"ماندوو نەبن."

"سوپاس." لەسەر پێخەوەکەم دانیشت و گوتی:

"مرۆڤایەتی زۆر دوورە لە ئێمە..."

دەمم نەکردەوە بۆ ئەوەی سەری قسە دانەمەزرێت و زوو بڕوات.

پرسی: "لە ئەمەریکا بوون؟"

"نەخێر..."

"بەداخــەوە... ئەگەر چەند مـانگێک لە ئەمـریکا بان، هۆکـاری دواکەوتنی خۆمـانتـان بۆ روون دەبووەوە. بەڕێزم، لە ئەمـەریکا، بە پێـچەوانەی لای ئێمـەوە، لە ختـوخـۆڕایی قسـە ناکرێت، چەنەبازی نییـە؛ کـات پارەیە، خەڵکی ئەوێ دەڵێن _تایم ئز مـانی._ ئەمـریکایی کاتێک قسـە دەکات ئەگەر کارێکی هەبێت، قسـەکانیشی بە کورتترین شێوە دەردەبڕێت و هەرکەس بەپێی کار و توانای خۆی. بۆچی مەگەر لەکن ئێمە وایە؟ بۆ نموونە، تەماشـای حاڵی ئێرەمـان بکەن، ئایا چەندین مـانگە لە چەلەحـانێ بترازێت، هیچ شتێکی ترمـان لە دەست هاتووە؟ هەموویشی قسـەی قۆڕ و تووڕەهات. لە ئەمەریکا شتی وا نییە. هەر بۆیە خەڵکی ئەوێ پێش دەکەون."

ئۆفم کرد و پفم کرد تا تێ بگات کارم هەیە و بێدەنگ بێت و بڕوات، بەڵام خۆی لە گێلی دا و بێـوچان لەســەر گـێــڕانەوە بەردەوام بوو. کــاتی خـواردنی ئێـوارە هاتبـوو. بەدەم رۆیشـتنمـانەوە گوتی: "ئێمـە نابین بە مرۆڤ. تا خاوەنی ئەم چەنەبازییە بین، ناتوانین ببین بە مرۆڤ."

گوتم: "زۆر راست دەکەن..."

یەکسـەر دوای خواردنی نانی ئێوارە بە مەبەسـتی نووسینی رۆمـانەکەم باوەشم بە قەڵەم و کاغەزدا کرد. بەسەر سەرمەوە گوێم لە دەنگێک بوو گوتی:

"کار نەکەین، نابێت، هەرچیش بکەین بێ سوودە."

سەرم هەڵبڕی و یەکێک لە برادەرانی قاوشم بینی. لەسەر پێخەوی تەنیشتمەوە دانیشتبوو. گوتی:

"ئێوە دەڵێن چی؟"

گوتم: "بێگومان پێویستە کار بکرێت."

"من لەسەر ڕێبازی ئەڵمانی پەروەردە کراوم."

خەنجەرت لێم بدابایە خوێنم لێ نەدەهات. لێکدالێکدا قسەی دەکرد:

"لێرە ئامادەیی ئەڵمانیم خوێند و خوێندنی باڵام لە ئەڵمانیا تەواو کرد. ساڵانێکی درێژیش لەوێ کارم کرد. مەحاڵە لە ئەڵمانیا کەسێک بدۆزنەوە کار نەکات. بۆچی مەگەر لای ئێمە وایە؟ بۆ نموونە، بڕوانن بۆ ڕەوشمان لێرە... نەخێر، نەخێر، ئێمە نابین بە مرۆڤ؛ مرۆڤایەتی هەر زۆر دوورە لێمان..."

حاڵی بووم هەرچییەکیش بکەم، ناتوانم لەسەر نووسینی ڕۆمانەکەم بەردەوام بم و لە ختوخۆڕایی کەللەیی دەبم. بڕیارم دا دەستی لێ هەڵبگرم و دوای نووستنی برادەرانی ناو قاوش ئەوسا دەست پێ بکەم. ئەو هێشتا باسی ئەڵمانیای دەگێڕایەوە:

"لە ئەڵمانیا کار نەکردن شوورەییە. ئەڵمانییەکان لە هەر شوێنێک بن، نازانن ڕاوەستان چییە، هەرکەس بە گوێرەی خۆی کارێک دەدۆزێتەوە و هەرچۆنێک بووە کار دەکات. بۆ نموونە، چەندان مانگە لێرەین، ئایا تەنانەت یەک کەسیشمان تێدایە کار بکات؟ ئەگەر لێی دەپرسیت، دەڵێت جا لە گرتووخانە کاری چی بکەم! ڕۆشنبیری ئەڵمان وا ناڵێت. یاداشتەکانی خۆی دەنووسێتەوە، سەبارەت بە پیشەی خۆی دەنووسێت، کتێب وەردەگێڕێت، بە کورتی، بێ کار دانانیشێت. ئەی ئێمە؟ نەخێر، هەرچی بڵێین وەک کوتینی ئاسنی سارد وایە. ئێمە نابین بە مرۆڤ..."

ئەو کاتەی ڕۆیشت، کات گەیشتبووە نیوەی شەو. بە هیوای ئەوەی ئیتر کەس نایەت و سەبارەت بە هۆکاری بە مرۆڤ نەبوونمان کۆڕ نەبەستێت، بە ئومێدەوە دەستم کرد بە نووسین، بەڵام یەکێک هات. ئەویش ساڵانێکی درێژی لە فەڕەنسا بەسەر بردووە.

بە دەنگی نزم دەدوا بۆ ئەوەی کەسانی نووستوو لە خەو هەڵنەسێنێت. بە قسەی ئەو، فەڕەنساییەکان کاتی کار و ڕابواردن، کاتی کار و حەوانەوەیان لەیەک جیا کردووەتەوە. بە قسەی ئەو، نەدەبوو من بەو نیوەی شەوە کار بکەم. دەیگوت:

"ئێستا بنوون بۆ ئەوەی سبەی بەیانی زوو بە مێشکێکی ڕوون و زیندووەوە کار بکەن.

لای ئێمـه کار و پشـوودان و رابواردن هەمـیشـه تێکەڵ دەکـرێن. لە کاتی پشـوودانـدا کار دەکرێت، لە وادەی کـاردا پشـوو دەدرێت. هەر بۆیە بـێ بەرهەمـین. رێک ئەمـەیـە هۆکـاری بە مرۆڤ نەبوونمان. ئێمە نابین بە مرۆڤ."

پاش رۆیشـتنـی ئەو، ئیـتـر من حـاڵی رۆمـان نـووسـینم پێوە نەمابوو. پێڵـووی چاوانم پێ هەڵنەدەهێندرایەوە. نووستم.

بەیانی، پێش هۆشـیـاربوونەوەی ئەوانی تر، هەڵسـام و دەسـتـم کـرد بە نووسـینی رۆمانەکەم. یەکێک لە برادەرانی قاوش لەوانەی زۆر رێزم بۆیـان هەبوو، لە شوێنی دەست و دەموچاو شۆرینەوە گەڕایەوە و هاتە کنم:

"بەریتانیا شتێکی ترە. ئایا لە بەریتانیا بوون؟"

"نەخێر!"

"وای، وای! بۆ نموونە، لـە بەریتـانیـا کـاتێک سـواری شـەمەندەفەر دەبن، ئەگـەر چەندین سـەعاتیش بەرێوە بن، کەسی بەرامبەرتان یەک وشـە چییـە قسـەتان لەگەڵدا ناکات. ئەگەر لای ئێمـە بێت، دەگوترێت _چەند سارد و لووتبەرزە._ یارۆی ئەوێ ئەوەی لە رووی ساردی و لووتبـەرزییـەوە نا، لە سـۆنگەی رێز و پەروەردەوە بێدەنگی هەڵدەبژێرێت... لەوانەیە ئێوە نەتانەوێت قسـەی لەگەڵدا بکەن، ئیـتـر بۆچی بێزارتان بکات! ئەگەر لای ئێمـە بێت، یارۆ ئەوەی بەرامبەری بناسێت و نەناسێت، کاری هەبێت و نەبێت، هیچ بیر ناکاتەوە و دەست دەکات بە چەنە لێدان... بۆیە ئێمە نابین بە مرۆڤ..."

کاغەزەکانی سـەر ئەژنۆم پێچایەوە و نـامە ژێر پێخـەوەکەم. پێنووسم نایە گیرفانم و لە رۆمـان نووسین پاشگەز بـوومـەوە. نەمـتـوانی لەوێ رۆمـان بنووسم، بەڵام راسـتـیـیـەکی لە رۆمان نووسین زۆر بەنرخترم بۆ ئاشکرا بوو:

هۆکاری بە مرۆڤ نەبوونمان!...

ئێستـا ئەگەر کەسێک هەڵبچێت و بڵێت: "ئێمـە نابین بە مـرۆڤ!"، من یەکسـەر دەست هەڵدەبڕم و هاوار دەکەم:

"من هۆکارەکەی دەزانم!"

ئەوەش بوو بە دەستکەوتی دوایین توندکردنم لە گرتیخانە.

**سەرچاوە**: کتێبی "ئاخ ئێمەی کەران!"، وەشـانخانـەی وەقفی عـەزیز نەسین – ئەسـتـەنبـوڵ، چاپی یەکەم _ ٢٠٠٤.